www.kurdistannet.org
14-10-2006 8:15:47بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

یەکەم برگەی  دیباجەی دەستوور و چەند سەرنجێک .... حەکیم کاکەوەیس

هەر لە سەرەتاوە و پێش دەستپێکردنی دیباجەی یاسای پێشنیارکراوی هەرێمی کوردستان، ئەمە دەخوێنینەوە: "ئامادەکردن و وەرگێڕانی لیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان - عیراق".

ئایە دەقی دەستوورەکە ئامادە کراوە یا وەرگێڕدراوە؟ ئامادەکردن شتێکە و وەرگێڕان شتێکی ترە و ناشێ لە دەقێکی چارەنووسسازی وەک دەستووری کوردستاندا تێکەڵ بکرێن. ئەم تێکەڵکردنەی ئامادەکردن و وەرگێڕانە، کە دەکاتە گونجاندن، وا دەکا ئەم دەقە یاسایی نەبێ. ئەدی بۆچی دەقی نایاسایی دانپێدانەنراو، بۆ دەمەتەقێکردن و هەڵسەنگاندن خراوەتە بەر دەستی خوێنەران؟  ڕای چی لە سەر دەقی ئامادەکراو و وەرگێڕدراو دەربڕین و چی لە بارەیەوە بڵێین؟ لە کاتێکدا کە دەبوو یاساکە بە کوردی بنووسرابا و بۆ زمانی دی وەرگێڕدرابا، بە زمانێکی دی نووسراوە و بۆ کورد وەرگێڕدراوە. ئەوەش، دیسان وا دەکا کە ئەم پرۆژەیە هی ئەوە نەبێ پشتی پێ قایم بکرێت یا بە دەقێکی یاسایی دابندرێت. دەقە یاساییەکە، لە بنەڕەتدا بە زمانێکی تر نووسراوە و زمانەکەش ئاشکرا نەکراوە. بەڵام لە بەر ئەوەی داڕێژەرانی دەستوور و ئامادەکەرانی، لە کاولستانەکەی ئێمەدا ڕۆشنبیریی عارەبییان زاڵ و چاک و چرە، یا ڕۆشنبیریی کوردییان کز و شاش و لاوازە، پێ دەچێ لە عارەبییەوە وەریانگێڕابێتە سەر زمانەکەی خۆیان(!)، لە کاتێکدا زمانی کوردیش وەک عارەبی لە هەموو عیراقی بە تەمای خوادا، پشت بە خوا ڕەسمییە. دەستوور بۆ هەرێمی کوردستانە و بە زمانێکی دی دەنووسرێ! ئەم خۆ بەکەم زانینە تا کەی؟

لە بەر ئەوەی ناوەڕۆکی دەستوورەکە بە یاسایی و دانپێدانراو نازانم، خۆم لەگەڵ ناوەڕۆکەکەیدا خەریک ناکەم، بەڵام هەوڵ دەدەم لە لایەنی زمانەوانی و تەکنیکی داڕشتنەوەی یەکەم بڕگەی دیباجەکەی  ورد ببمەوە... تەنها یەکەم بڕگە.

دیباجە:

(ئێمە، گەلی کوردستان – عیراق، ئەو گەلەی بە دەیان ساڵ ستەم وزۆرداریی ئەو ڕژێمە دیکتاۆریانەی چەشتووە کە زۆر بە خەستی دەسەڵاتیان لەدەست خۆ چڕ کردبۆوە، و بە شێوەیەک ئازادییان لێداماڵیبووین و لەو مافە سروشتیانەیان بێبەش کردبووین کە خوا بەئادەمیزادی بەخشیون وئەو مافە شارستانی وسیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی ورۆشنبیریانەی مرۆڤ کە لە بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکاندا دانیان پێدانراوە، بۆ ئێمەیان بە زۆر زانی)*

جارێ داڕشتن لە سەر شێوەی ڕابردە (ئازادییان لێ داماڵیبووین) ئەوە دەگەیەنێ کە ئێستا ئازاد بین. (بە ئێمەیان بە زۆر زانی)ش ئەوە دەگەیەنێ کە ئێستا بە زۆری نەزانن. بەڵام لە ڕاستیدا، جگە لەوەی کە بەغدا هێزی تێدا نەماوە، هیچ شتێکی دی نەگۆڕاوە. ئێستاش هیچمان ڕەوا نابینن و هەموو شتێکمان لێ بە زیاد دەزانن. جاران یەک سەددام هەڕەشە بوو لە سەر بوونمان، بەڵام ئێستا هەر وەزیرێک و هەر نووسەرێکیان بگری، بە پێی توانا و دەسەڵاتی خۆی، لە ئاستی کوردا سەددامێکە.

بە ڕاستی کە ئەو بڕگەیە دەخوێنمەوە، جگە لەوەی بەزەییم بە کورد و زمانەکەیدا دێ کە بەم تیراوێیەوە دەتلێتەوە، هەست بە ماندوێتییەکی وەها دەکەم، کە نەتوانم لە خوێندنەوەی بەردەوام بم. هەر دەڵێی بە ناو قوڕێکی خەستدا ڕێ دەکەم و خواخوامە ئەو بوارە خەستەم لە کۆڵ بێتەوە و بکەومە سەر ڕاستەڕێ و

ڕاستەڕێش هەر دیار نییە. خۆزگە تێروتەسلەکانی پەرلەمان و پەراوێزی پەرلەمان و لێپرسراوان، هەر لەو نێزیکانەی خۆیانەوە پرسێکیان بە مامۆستا عەزیزی مەلای ڕەش دەکرد ئاخۆ چۆن ئەو بڕگەیە دادەڕێژری! بەڵام دۆست و خزمی مەسئوول، دەبێ لە هەموو بوارێکدا یەکەم بن! ئاخر چۆن دەبێ کەس هەبێ لە کوڕی کاک فلان یا خزمەکەی یا هەڵبژاردە و دەستەگوڵەکەی، لە زمانی کوردیدا چاکتر بێ؟. یا چۆن دەبێ عەزیزی مەلای ڕەش، کە قەت سەنگەرگۆڕکێی نەزانیوە، لەوانە چاکتر بێ کە تا ئێستا چەندین سەنگەریان گۆڕیوە و یەک دوویەکی تریشیان مسۆگەرە و ڕێنیشاندەری کاروانیشن؟! خۆ ناشێ ناوی کوردیزانەکانی تر ڕیز بکەم کە بە دەستی کادیری نەزان و لێپرسراو و پۆلیسی نەفامەوە دەتلێنەوە و وڵاتیان بۆ بەجێ دەهێڵن!

لە سەرەتاوە: گەل، بە دەیان ساڵ ستەم و زۆرداری دەچێژێ. دوایی: بە شێوەیەک ئازادییان لێ داماڵیوین (واتە لە ئێمە). ئیدی قسەکەری ڕستەکە کەسی یەکەمە، لەگەڵ کەسێ سێیەمی قسە لێکراودا دەبن بە یەک و بنەما زمانەوانییەکان چ بەهایەکیان نامێنێ و کار دەبێتە: بە تەمای خوا!

(و)ی ئیزافە لە ڕەستەدا دەبێ سەربەخۆ بێ و نابێ بە وشەی پاش خۆی یا پێش خۆیەوە ببەسترێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێ بڵێین: "من و وریا لە دەست دەسەڵات کۆچ دەکەین". کە (و) بە وریاوە بنووسێنین، ڕستەکە وای لێ دێت: "من ووریا لە دەست دەسەڵات کۆچ دەکەین" و ئاوهاش قسەکە لە ڕستەیی دەردەچێ چجای واتای هەبێ. خۆ ناشکرێ بڵێین هەر وشەیەک بە (و) دەسەت پێ بکا، (و)ی ئیزافەی لە پێشەوە پێوە نانووسێندرێ.

منیش ئەگەر شەڕ نافرۆشم با بڵێم: ""وریا ومن"! بەڵام ئەگەر ولم کرد، باسەکە لە لە باسی زمان دەردەچێت و دەبێتە بیرکاری: ئەگەر (ا) یەکسان بێ بە (ب)، دیارە (ب)ش یەکسان دەبێ بە (ا).!.

کەرەسەی ئیزافە لەو زمانانەدا کە من شتێکیان لێ دەزانم، سەربەخۆن. لە ئینگلیزیدا (ئەند) و لە سویدیدا (ئۆک) و لە ترکی و فارسیدا، (ڤە _ وە) بە شێوەی سەربەخۆ دەنووسرێن و دەبێ لە کوردیشدا هەر ئاوها بێ.

کە تۆ دەڵێی (ئێمەی گەلی کوردستان - عیراق)، لە سەر شێوەی کەسی یەکەمی قسەکەر قسان دەکەیت، کەچی دوایی بە (ئەو گەلەی) دەیکەیتە کەسی سێیەمی نائامادە. ئەو ئێمەیە لەو جێیەدا پێویست نییە، چاکترە هەموو ڕستەکە بکرێتە ڕستەی کەسی یەکەم، واتە قسەکەری کۆی ئێمە، یا بکرێتە کەسی سێیەمی تاک، کە لەو جێیەدا گەلی کوردستانە. لەو بڕگەیەدا، جارێ کەسی یەکەم قسە لە خۆی دەکا و جارێ قسە لە کەسی سێیەم دەکا و کتوپڕیش دەیکاتەوە بە کەسی یەکەم.

ئازادییان لێداماڵیبووین: ئەو ئامرازە (لێ)یە بۆچی بە داماڵینەوە لکێندراوە؟ (لێ) ئامرازێکی سەربەخۆیە و دەبێ بە سەربەخۆیی بمێنێتەوە. پێ دەچێ ئەم برادەرانە، چۆن حەز لەوە دەکەن کوردستان بە عیراقەوە بلکێندرێ، ئاوهاش ئامراز بە وشەوە و وشە بە وشەوە بلکێنن! لکاندنیش هەر لکاندنە و...

ئەگەر بشڵێی ئەوە هەڵەی چاپە، چۆن (و)ی ئیزافە لە چەندین جێی ئەو بڕگەیەدا عیبرەت کراوە، لە لکاندنی ئامرازی شوێن و کات ڕێناویشدا دووپات بۆتەوە و تەماشای ئەم نوموونانە بکە: (لەدەست، چڕکردۆتەوە، پێدانراوە، چڕکردبۆوە، بێبەش، بەئادەمیزاد، بەزۆر، بەشێوەیەک). دەبوو هەموو ئەوانە ئاوها بنووسرابان: (لە دەست، چڕ کردۆتەوە، پێ دانراوە، چڕ کردبۆوە، بێ بەش، بە ئادەمیزاد، بە زۆر، بە شێوەیەک).

ئەو ئامرازانە ئاوها بە کار ناهێندرێن. بۆ نموونە، دەکرێ بنووسین: بەکارهێنانی یاسا، بەڵام ناشێ بنووسین: یاسا بەکاردێنین، بەڵکو دەبێ بنووسین: یاسا بە کار دێنین. چونکە بەکارهێنان، چاوگە و یەک وشەیە و لە عارەبیدا دەبێتە استعمال. بەڵام (بە کار دێنین) لە عارەبیدا دەبێتە (نستعمل) و ئەمەش نهێنی



www.kurdistannet.org
14-10-2006 8:15:47بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئەو هەڵە کوردییانەیە کە لەم بڕگەیەی دیباجەکەدا هاواریان لێ هەستاوە و ئەگەر کەسێ عارەبی نەزانێ، زەحمەتە لەم کوردییە بگا. زمانی عارەبی تایبەتمەندیی خۆی و ڕێزمان و یاسای خۆی هەیە و ناشێ لاسایی بکرێتەوە. بیری لێ بکەنەوە: ئەگەر، بۆ نموونە، ئینگلیزەکان لاسایی زمانی عارەبی بکەنەوە، زمانەکەیان دەبێتە چ قەیامەتێک! یا عارەب لاسایی زمانی ئینگلیزی بکەنەوە چ دەقەومێ! بەڵام کورد باکی نییە لاسایی مەیموونیش بکاتەوە!

ئەگەر من ناچار بم ئەو بڕگەیە بە ناوەڕۆکەکەی خۆیەوە دابڕێژمەوە، بە شێوەیەکی دکتاتۆرییانە ئەم دەقە ئاوها دەسپێنم: (گەلی کوردستان لە عیراقدا، دەیان ساڵە ستەم و زۆرداری لە دەست ئەو ڕژێمە دکتاتۆرە یەک لە دوای یەکانە دەچێژێ کە دەسەڵاتیان لە دەستی خۆیاندا قۆرخ کردووە و تەنانەت لەو مافانەشیان بێ بەش کردووە کە خودا بە ئادەمیزادی بەخشیوون، جگە لە زەوتکردنی ئەو مافە شارستانی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییانەی کە لە بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکاندا دانیان پێدا نراوە و دەسەڵاتدارانی عیراق، لە گەلی کوردستانیان بە زیاد زانیون).**

گوتم بە شێوەیەکی دکتاتۆرییانە ئەو دەقە دەسەپێنم چونکە ئەو برادەرانەی کە خەریکی داڕشتن... یا ئامادەکردن و وەگێڕانی دەستوورن، گەمە بە ئاگر و کارەبا دەکەن و لەو گەمانەش نازانن. ئەگەر دەستیان نەگرین، خۆیان دەسووتێنن یا، خوا نەکا، خۆیان دەفەوتێنن. بە فەوتانی ئەوانیش... ئا... کۆنەمۆخابەرات و موستەشارەکان دەسلاتیان زیاتر دەبێ و برەوی خیانەتکاریش بەرینتر دەبێ!

ئەوا بیسوچوند ساڵێکە کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاری سویدی دەخوێنمەوە، پێم وابێ لە هەموو ئەو ماوەیەدا، دوو جار هەڵەی چاپم بەر چاو کەوتووە و هەڵەی زمانەوانیش هیچ! ئاخر ئەوان زمانی خۆیان خۆش دەوێ و بابەتێک بڵاو ناکەنەوە شیاوی بڵاوکردنەوە نەبێ و مەرجی سەرەکییان لایەنی زمانەوانییە. کەچی ئێمە لە ڕەشنووسی دەستووریکدا، لە گەڵ ئەو هەموو گرنگییەشیدا، تەنها لە یەک بڕگەدا، ئەوەش یەکەم بڕگە و هەر لە دیباجەدا ئەو هەموو هەڵەیەمان لێ دەقەومێ!

من نازانم باڵادەستانی کوردستان، دڵیان بە چ شتێکی کوردستان دەسووتێ! سروشت و ڕەوشتی کۆمەڵگە؟ نا، چونکە بە هەموو دەزگا ڕاگەیاندنەکان و ئامێرە تەکنیکییەکانەوە، خەریکی تێکدانی سروشت و ڕەوشتی خەڵکن! کەسوکاری ئەنفالکراوان؟ نا، چونکە یەک تەماشاکردنی بارودۆخیان بەسە بۆ ئەوەی بزانین چۆن پشتگوێ خراوون! ئێسکوپروسکی ئەنفالکراوان؟ نا، چونکە دادگایی کردنی سەددام دەریدەخا لێپرسراوان چەند بە هۆڵی وەرگرتنی مافەکانیانەوەن! ژنە فرۆشراوەکان؟ نا! خاک؟ نا! هاوڵاتیان؟ نا! خوێنی شەهیدان؟ نا! چارەنووسی کورد؟ نا! زمان؟ نا!

ئەدی بۆچی هەن؟ هەر بۆ ئەوەی کۆشک و تەلار بۆ خۆیان دروست بەکەن؟ ئاخر کۆشک و تەلار هەر نرخێکیان هەبێ، نابێ زمانی نەتەوەیەکیان بۆ بکرێتە قوربانی!

*دەقی ئەو بڕگەیەم لە خەباتی 25ی 9ی 2006 وەرگرتووە.

**دەکرێ بە شێوازی تریش داڕێژرێ.